**شانۆگەری**

**( یەك پەردەییە )**

# ڕمان

**نووسینی :سۆل بێلۆ**

**لە ئینگلیزییەوە :شێرزاد حەسەن**

**کارەکتەرەکان**

***مێرد** *** خەسووی کابرا**

***ژن** *** کاربەدەستێك**

---

**دیمەن : ژووری دانیشتن لە یەکێ لەو خانووە تەسك و تروسکانەی کە وەکو فارگۆنی شەمەندەفەر لە تەك یەك و بەریز بنیات نراون و کەوتوونەتە ڕۆژهەڵاتی شاری نیویۆرك . خانووەکە تاقمێك قەنەفەی تێدایە .. لە گەڵ هەندێك درەخت ڕووەکی دەستکرد کە لە ئاوریشم و شریت و لاستێك دروست کراون.. جگە لەو هەموو شتانەی کە لە بەر دڵ و دیدەی ئافرەتدا جوانن و پەرەستگاکەی پێ دەڕازێننەوە.. لە گەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە نەخوشخانە و شێتخانەی پیاوان دا هەن.**

**کە پەردەکە هەڵدەکشێ : ژنە و دایکی وەدەر دەکەون و دیارە سەرقاڵن ..خەریکی ئەوەن هەندێك کەل و پەلی ناسك بخەنە ناو بەرمیلێکەوە.. بەڵام بەر لەوە سەرگەرمی کاغەز پێچانەوە بوون .**

**کت و پڕ لە پشت شانۆکەوە زرمەیەك دێتە بەر گوێ.**

خەسوو : ( دەزرکیکێنی و پاشان خۆی دەگرێ و دادەمرکێتەوە ، بە تورەیی لە کچەکەی دەپرسێ )
ئەوە تۆ چۆن بەرگەی ئەم حاڵە دەگریت؟
ژنە : ( دیارە کە سەغڵەتەو خۆی بە بەرمیلەکەو دەگرێ و بە حاڵ خۆی بەسەر بەرمیلەکەدا لار دەکاتەوە ، ناشۆێری ئاور لەو شوێنە بداتەوە کە زرمەی لێوە هەستا )

راستی ... لە دوێنێوە لیێ راهاتووم .... لەوانەشە پتر رابێم . خەڵکی دەڵێن : مرۆڤ لە هەموو شتێك رادێ .. هەموو جۆرە ئاژاوە و هەرایەك.

خەسوو : قەت نابووایە لێ بگەڕێی ئاوا بكات.

ژنە : بە حیساب لە دوێنێوە نەمهێشتووە ئاژاوا بنێتەوە ، بە تایبەتی دوای ئەوەی ماڵەکانی نهۆمی ژێرەوە باریان کرد. ئەوان دوا کەس بوون کە قەلفڕیان لی کرد.

خەسوو : هەر دەڵێی شوێنی خێوو جنۆکەیە ، باڵەخانەیەکی چۆل و هۆل ، تۆش لە نهومی سێیەمدا . ئەو خەڵکە بێ نەزاکەتەش دنیایەك گەند و گوویان لە سەر پێبلیکەکاندا جێهێشتووە، چەند بێ باك و ملهوڕن ، کە یەك کرێگرتە مابوو مانای وایە : نابێ بەم چەشنە سەر پێ بلیکەکان بکەن بە زبڵخانە .. نەمدەتوانی رێ بکەم.

ژنە : ( بە حەسرەتێکەو روو لە دایکی دەکات )
ببوورە دایکە .. بەلام وا بزانم ئەمەیان دوا جار دەبێ کە رێت بکەوێتە ئێرە.. بە هەر حاڵ.

خەسوو : ( لە دواوە و دوور لە چاوی بینەران زرمەیەکی دیکە هەڵدەستێ و پیرەژن ئاور دەداتەوە )
لەو باوەڕەدام دراوسێ نەماوە لە گەڵیا بە شەڕ نەیەت. تۆ هەقی نییە خەفەت بۆ ئەوە بخۆیت کە ئەم .. ئەم – زبڵخانەیە جێدێڵیت . دەبووایە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا وێرانی بکەی.

ژنە : ئۆو .. من بە دڵ خەفەتی بۆ ناخۆم .. بەڵام دوای گوزەرانی پانزە ساڵ لە هەمان شوێندا ، بە هەر حاڵ .. قورسە.. نا توانیت تفی لێ بکەی .. دوای پانزە ساڵ تۆ چیتر هەست بەوە ناکەی ئاخۆ ئەو شوێنە چاکە یان خراپ ..

خەسوو: قسەی قۆڕە . تۆ دەبێ شادومان بیت بەوەی کە دەگوێزیتەوە باڵەخانەیەك " ئەسانسێری" تیایە لەو ئاسانسێرە کۆن و بچکۆلەیە ڕزگارت دەبێ ,. هەرچی کورسی و قەنەفەی ماڵەکەت هەیە بە سپییەتی دەمێنێتەوە و ئاودەستخانەیەکی واتان دەبێ کە چیتر پێوست بەوە نەکات زنجیرەکە ڕابکێشیت.. ئەوە چییە؟ گوایە پاکی دەکەیتەوە.. دەیان شتی وا کە بۆ حەسانەوەو حورمەتی مرۆڤ پێویستن.

ژنە : ئەو سەردەمەی کە تازە بووك بووم هیچ کەمو کوڕییەکی نەبوو . (بیر لە ڕابردوو دەکاتەوە فرمێسك بەری چاوی دەگرێ ) . ئەو سەردەمە شانازیم پێوە دەکرد. "ئەلبێرت" یش مێردێکی دڵسۆز و میهرەبان بوو .. هەر خۆی یارمەتی دام و هەموو دیوارەکا نمان بە کاغەز دا پۆشی..

خەسوو: سارا.. ئەم مێردەی تۆ مێشکی تەواو نییەو کابرایەکی دەمارگیرە.

ژنە : ئۆو .. دایکە .. لێم بە بە دکتۆر.

(زرمەیەکی ناخۆش وناقۆڵا لە دەرەوەی شانۆ)

خەسوو: گەر کەسێك تێك نەچووبێ بەزمی وا دەگێڕێ؟ شتە ناسکەکانت گواستەوە؟

ژنە" دۆێنی زۆر شتم گواستەوە ئە پارتمانە تازەکە.

خەسوو: من وا بزانم تۆ دەتەوێ پارە کۆ بکەیتەوە بۆیە هەر خۆت شتەکان دەگوێزیتەوە .. ڕاستیت دەوێ .. من بەو حاڵەی تۆ پەستم .. هەر بەو کەمە یارمەتییەی شارەوانی دەتوانی ئەم بارگرانییە لەسەر شانی خۆت لابەریت .. دەتوانی بچیتە یەکێك لە شارەکانی سەر ئوقیانووسی " ئەتلانتیك" .. یان کەناری" ڤیرگینیا" و لەوێ بای باڵی خۆت دەداو تۆزێك دەحەوایتەوە ، ئەوسا داهاتیتەوە نێو ماڵێکی پاك و خاوێن . مێردەکەت یارمەتییەکەی شارەوانی ڕەت دەکاتەوە .. "میری" دەیەوێ بەرلەوەی کرێیەکەی تەواو بێ بچنە دەرێ.. چونکە خۆی ، شارەوانی ، بەم کارە هەڵدەستێ ، کەچی ئەم تۆی لێرە بەند کردووە . ئۆو .. ئەمەیان شێتییە . مێردی وا ئافرەت شێت دەکا . من وا پێشبینی دەکەم کە لە سەر ئەم زەوییەو هەر لەم شوێنەدا ، ڕۆژێك لە ڕۆژان ، کە قوتابخانەیەك بنیات دەنرێت و مامۆستاکانیش کۆرسی سایکۆلۆژی بە خەڵکێکی شێت و وێت دەڵێنەوە .. خەڵکێکی سەرلێشێواو وەك ئەم مێردەی تۆ ، ئا .. بیری لێ بکەرەوە .. چی لەو هەزار دۆلارە دەکەیت؟ خۆ دەتوانی پاڵتۆیەکی تازەی پێ بکڕیت.

ژنە : دەتوانین ، بەو هەزار دۆلارە ، قەرزەکا نمان بدەینەوە

خەسوو: کە چی پار لە بەر سەد دۆلار کە قستی تەئمینەکەی بوو : نەیداو هەقی خۆی سووتاند . ئەم مێردەی تۆ تەواو نییە .. مەڵێ : وا نییە ..

ژنە : ( لەسەرخۆ ) ئەم دەڵێ : باوەڕم به تەئمینی ژیان نی یە .

( مێردەکەی دێتە ژووریٰ و ئاوێنەیەکی بازنەیی بەسەر پیٚچکەیەکەوەیەو ئەم ڕایدەکێشێ ، بەدلەیەکی تۆزاوی لەبەر دایەو شە پقەیەکی هونەرمەندانەی لە سەر ناوە . چەکوشێکی لە بەر پشتوێن ناوەو بەسەر نێکییەوە چەسپە، تەوشوویەکی دەسك کورتیش بەسەر لاکەلەکەی دیکەیەوە دیارە . پارچە ئاسنێکی درێژیشی پێیە کە وەك عەتەلەیەك بە کاری دێنێ و شتی قورسی پێ هەڵدەگریٰ )

خەسوو: ( بە گاڵتە پێکردنەوە ) جا بۆ نایشکێنیت. هەموو کەل و پەلی ناو ماڵەکە تێکبشکێنە .. هەتا زووە و لەبەر دەستتایە . ئەمەیان بۆ خۆلق و میزاجی تۆ شتی چاکە .

مێرد: ( ئاوڕی لێ دەداتەوە ) ئۆو.. ئەوە تۆیت!! دیسانەوە بەختەوەرم.. مادامەکێ چاوم بە تۆ کەوت . دوێنێ شەو ، لە خەونما ، لێرە بوویت- هەروەك پیرە مەلێك، مەلێکی نێچیر ، نێچیرێك لە شەڕی مان و نەماندا بێت . بەخێر بێیت .. دوا هەواری ئێمەت ئاوەدان کردەوە . ( زۆر بە دڵ دەدوێت و ڕوو لە ژنەکەی دەکات ) ئافرەت .. دیواری گە نجینەکەم ڕووخاند ، خۆت دەزانی چۆن؟ ئێستا دەتوانیت ، یەکسەری لە مووبەقەکەوە بچیتە ژووری نا نخواردنەکە.. پێچ و پەنام تێدا نەهێشت . ئای خۆش بوو کە دیوارەکەم کون کرد.. ئۆو... لە خوشیانا شاگەشکە بووم .. هەر مە پرسە.

خەسوو: زۆر بەلەزەت بوو... ها ؟

مێرد : بەلەزەت ... مەبەستت چی یە؟

خەسوو : لەزەتی هەزار دۆلاری. تۆ هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە چی لەو هەزار دۆلارە بکەیت؟ بزانە بۆ پێنج دەقیقەش لە پەنایەکدا دادەنیشیت و بە هێمنی بیر لە گوزەرانی خۆت بکەیتەوە .. بە تەمای چیت .. بە تەما ی چی نیت ؟ هەمیشە بیر و خەیاڵی تۆ لە گێژەنەدایە و هەر دەڵیی لەبنی دەریایت .

مێرد: بیرم لێ کردۆتەوە .. بەو هەزار دۆلارە قەرزی هەموو ئەو کەسانە دەدەمەوە کە هەرگیز خێریان بۆم نەبووە .. ئەوە نەبێ کە ناشادیان کردووم ، جگە لەوەش .. ویستوویانە بازۆڵەیان ئەستوورتر بێ تا من و

کەسانی وەك من پتر غەمگین بکەن . قەرز و قستی هەموویان دەدەمەوە .. قەرزی ئەو کەل و پەلانەی کە هەرگیز پێویستم پێیان نەبووە.

خەسوو: وەکو گۆشت .

مێرد: من هەقی خواردن فەرامۆش ناکەم .. ئەم جۆرە قەرز مایەی شەرەفە.. بەڵام من مەبەستم قست و قەرزی شتی قۆڕە .. هوووو ..

خەسوو: وەکوو قستی تەئمین ..

مێرد: هەڵبەت .. باشە ئەگەر من مردم .. چی دەقەومێت ؟ با پێت بڵێم .. ئەگەر –سارا- ی ژنم ژیانی مسوگەر بێت و لە هیچی کەم نەبێ .. باوەڕت بێ ئەوسا هەست بە مەرگی من ناکات . ( روو دەکاتە ژنەکەی ) وا بزانم تۆش خۆت حەز دەکەی بۆ من بگریت و دوای مەرگم سەر لە قۆڕ بنێیت و بکەویتە لاوانەوە ، وا نی یە .. ئازیزەکەم .؟

ژنە: هەڵبەتە وایە .. ئەی قابیلە .. !

مێرد : ئەوەتا . جا بۆیە گەر من هەموو شتێکی بۆ دابین بکەم و لە ژیانێکی خۆشدا جێی بێڵم .. ئەوسا ئەویش هەست بە نەمان و مەرگی من ناکات . باشە کە من مردم .. بۆ دەبێ دونیا باشتر بێ ؟ ها .. ؟ خۆ شار پڕیەتی لە پێرە ژنی غەمگین و هەناسەسارد ، گەر چی مێردەکانیان پارەو سامانێکی زۆریشیان بۆ بە جێهێشتوون . من ئەوە ناو دەنێم تۆڵەی نێو گۆڕ . گوێ بگرە .. لەوانەیە پیاوەکە لە گۆڕدا ڕاکشا بێ ، رەنگە لە تەنیشتەوە تەلەفونیشی لا بێ ، بیستوومە دەڵێن :
" ماری باریکەر " لایەتی . رەنگە پەیکەرێکی چکولانەی خۆیشی بۆ ژنەکەی بە جێبێڵێت . هەر ئەو ژنەش ، لەوانەیە ، بچێتە بازاڕ بێ ئەوەی پێویستی بە هیچ هەبێ .. یان ئەوەتا دەچێتە سەیری غارغارانێی ئەسپ سواران .. جارو باریش گۆڤار و رۆژنامە دەکرێت .. بێ ئەوەی کەڵکیان لێ ببینێ .. بە هەرحاڵ .. وای لێدێت خۆیشی نازانێ چی بکات.

خەسوو: ( پە نجەکانی دەتەقێنی ) بڕۆ .. هەی خۆت و فەلسەفەکەت بە قوڕ گیرێن .. پیاوێك کە قەدری هەزار دۆلار نەزانێت ، بە ڕای من ، شێتە ، تۆ دەترسێیت لەوە پیاوتر بیت .

مێرد : من بایی هەزار دۆلار لەزەت لەم بەزمەی خۆم دەبینم ... لەوەش پتر . (وەکوو ڕمێك شیشە ئاسنەکە بە رووی دا هەڵدەشەقێنێت ) ئۆو ..بە بەلاش سەری خۆم لە گەڵ تۆدا دەهێشێنم ! ئیمرۆ من پیاوی کارە مەزنەکانم .. کتومت لە پاڵەوانێکی " هۆمیرۆس" دەچم ، لە کەسێك دەچم موعجیزەیەکی بۆ شارستانییەت ئە نجام دابێت ..

ژنە : ئەم مێردەی من بیست و چوار سەعاتەی خوا ئەم قسەیەی بەسەر دەمەوەیە.

مێرد : هەر شوێنێك تێکدان و رووخانی تێدا نەبێت : پێشکەوتن بە خۆیەوە نابینێت . شتە کۆنەکان .. دەبێ بڕووخێن . پووری .. تۆ تەنها ئەوە دەبینیت کە دروست کراوە ، ئاگات لەوە نیە چی لا دەبرێت .. کە دەبێ لا ببرێت . . لەگەڵ ئەوەشدا .. مەسەلەکەی ئاساییە و نابێ پیاو چاوەڕێی خەڵکی بکات تا کارەکانی بۆ ئە نجام بدەن . خۆی خاوەن ئە نجامەو هەر خۆێشی کوتایی بۆ هەموو شتەکان دادەنێت .. هەر خۆێشی سەر لە نوێ دەست پێدەکاتەوە . ( بە دەسکی عەتەلەکە زەوی ژوورەکە دەکوتێت . وێنەیەك لە دیوارەکەوە دەکەوێتە سەر زەوی )

ژنە : سەیری کە چیت کرد !

خەسوو : ئەگەر حەز بە دیوار رووخاندن دەکەیت .. بۆ ناچیتە نهۆمەکانی خوارەوە .. بڕۆ دیوارەکانی ئەوێندەری بڕووخێنە . خەڵکەکەی رۆیشتوون و کەس هەقی بەسەرتەوە نییە .. بێ جگە لە بەزم و رابواردن .. پارەشت دەست دەکەوێ .

مێرد : بەم قسەیە دەیسەلمێنیت کە تۆ لە دونیا تێناگەی . من چیم داوە لە دیواری دراوسێیەکان . هیچ پەیوەندیم بە دیوارەکانی ئەوانەوە نییە . من نەگبەتی و نەهامەتی دونیام لێرە دیوە ، ئا لەم ماڵە ! ئا لێرەدا بێ ئیش و کار دانیشتووم و سەیری دیوارەکانم کردووە . لێرە دەستم ناوەتە ژێر چەنەی خەفەت و خەمیش دڵی خواردووم ، هەر لەم ژوورەدا .. لێرە نەفرەتم لە دونیا کردووە ، لەوانەشە هەر لێرە شارەزای سنوور و مەودای خۆم بووبم .. ئۆو.. زانیومە من هەگیز ئەوە نیم کە خۆم خەونی پێوە دەبینم . ئەم شتانە هەمووی لە نێو ئەم دیوارانەدا رووی داوە ، چووەتە نێو درز و کونوکەلەبەرەکان . کەچی تۆ لێم دەپرسی : بۆ بە گژیاندا دەچم .. بۆ دەیانرووخێنم ؟ قورسە .. ها .. ! من تەنیا ئەو دیوارانە دەناسم . ئۆو.. من زۆر بە درێژی لەم مەسەلەیەم کۆڵیوەتەوە . مێژوویەکی کۆن و دوور و درێژ من بەم دیوارانە دەبەستێتەوە . ئێستاش کە هەر دەبێ بڕووخێن : بۆ خۆم قۆڵ و باسکی لێ هەڵنەماڵم ؟ ئەم هەقە بە کێ ڕەوایە – ئەم هەقە زۆر پیرۆزە -؟ بۆچی ئەم کارە بۆ کەسێکی دیکە جێبێڵم ؟ هەر خۆم پێی هەڵدەستم . بەڵی هەر خۆم .. کەسێکی

دیکە نا .. چونکە کەس بە قەد خۆم خاوەنی ئەو هەقە نییە .. لە هەموو لایەکەوە دیوارەکان کون دەکەم . ئەوسا هەر لە ژووری نا نخۆاردنەوە دەتوانم رووباری " رۆژهەلات" ببینم ، ئەوسا دلّم ئاو دەخواتەوەو ئارام دەبم ، بەم شێوەیە تۆلّەی خۆم دەکەمەوە .. تۆلّەی ئەو کاتە ناخۆش و پڕ خەمانەی لەم ژوورانەدا بەسەرم برد . پێم نالّێی دیواری ژوورەکانی خوارەوە چ خوشی و لەزەتێك بە من دەبەخشن ؟ من دەمەوێ ئەو لەزەتە لە رووخاندنی ئەم دیوارانەی خۆم وەربگرم . تەنها لێرە شتەکان دەناسمەوە .. هەموو گرێیەك ، هەموو پۆرگ و هەلّتۆقینیك .. هەموو درز و کون و کەلەبەرێکی ئەم بنمیچە وەك بەری دەستم دەناسمەوە، ئێستاش پڕ بە دلّ حەز دەکەم بزانم ئەم خانووە .. ئەم ژوورانە لە چی دروست کراون .. با بزانم دیوارەکان لە ناوەوە چۆنن . من نیازمە ئەم پارچە دار و تەختانە تێکبشکێنم تا بتوانم ئەو دیوی شتەکان ببینم .. هەموو دوومەلّ و پفکەو پۆرگەکان – کە وەك چاو و برۆ و دیمەنی سروشت دەهاتنە بەر چاوم .. زۆر شتی دیکەش . دەبێ بزانم مشکەکانیش لە کوێ خۆیان شاردوّتەوە .. دەگەرێم .. لەوانەیە گەجینەیەك بدۆزمەوە .. یان ئەوەتا چەند پارچە ئێسقانێك ، کەس ناتوانێ پێشبینی ئەوە بکا لە خانوویەکی کۆندا چی دەدۆزێتەوە .

ژنە : ( روو لە دایکی دەکا ) دەبینیت چۆن هەلّچووە .. ها .. خۆ دەبینیت چون ئاگری گرتووە ؟

خەسوو : ئەم مێردەی تۆ مەبەستی نییە ژیانت خۆشتر بێ .. منالّانە بیر دەکاتەوە ئەگینا چون هەلی وا چاك دەبۆێرێت . گەنجینەیە .. ! هەقە پیاو بە قەد تەمەنی خۆی عەقلّی هەبێ .. سەیرە .. هەر چاکە جلی دەریاوانێك لەبەر ناکات و سواری بەلەمە بچکولەکەی نابێ و بلێ : ئەوە من خۆم دەخەمە ناو گۆمی باخچەی گشتی .. لە دەستی دێ .. ! من تێناگەم پیاوان چ توخمێکن ! موعجیزەیە .. کار چۆن وا بەرێوە دەروات؟

مێرد : بەلّێ .. من گرتوومی .. تەواو هەلّچوویمە ! وا هەست دەکەم خۆم " شەمشوونی کلێسای غەزە" بم ( لەناو دەرگاکە بە پۆزەوە دەوەستێ ) هێ ی .. خۆتان بشارنەوە .. ئێوە ئەی فەلەستینییەکان .. زۆلّم و زورداری تەواو . ئێستا وەك جاران بەهێزم ، تین و تاوم گەڕایەوە . ( روو دەکاتە خەسووی ) هەر چەندە تۆ قژم رادەکێشیت و چاوەکانم دەر دێنیت ، هەر چەندە دەمخەیتە ژێر بەرداشەکەی خۆتەوە .. بەلّام من وازت لێ ناهێنم .. ئەو دیوارانەی تۆ دلّت پێیان خۆشە : دەبێ بروخێن .. هەر دەبێ برووخێن .. رووخاویشن !

خەسوو : ( تۆزێ دەترسێ ) تەواو تێکچوو .

مێرد : ( پتر هەلّدەچێ ) تێك نەچوویمە . ( شیشە ئاسنەکەی لێ هەلّدەشەقێنی و .. بە دلّ قسە دەکا ) لێم مەبە دکتۆر و .. بتەوێ نەخۆشی و دەرد و دوو لە کەسانی نزیکی خۆت بدۆزیتەوە، ئەمەیان هەرگیز کاری تۆ

نیە .. لێی نازانیت . هەتا گەر راستیش بێ . تەمەنی تۆ هی ئەوە نیە.. عاقل بە .. ئەوەی تۆ بە شێتی ی ناوی دەبەی : لای من ئەوپەڕی خۆشییە . تۆ لێی ڕانەهاتوویت .. لەوانەشە زۆر لە گەڵیدا نەژیا بیت ، تامەکەیت بیر چۆتەوە.

ژنە : کەواتە تۆ شادومانی.

مێرد : زۆریش . نابینیت چەند بەختەوەرم ؟ وا هەست دەکەم تازە لە دایك بوویمە . هەر بۆیەشە گاڵتەم بەو هەزار دۆلارە دێت . گەر من کابرایەکی ئاسایی بوومایە : ئەو هەزار دۆلارەم وەردەگرت و خۆمم پێ ڕاست دەکردەوە.

ژنە : ( بەم قسەیە بریندار دەبێ ) تۆ بۆ ئەوەندە لات ناخۆشە ئاسایی بیت؟

مێرد : ئازیزەکەم.. نامەوێ گلەیی ئەوەم لێ بکەیت ژیانی ڕۆژانە شتێکی سەیرە.. جگە لەوەش .. ژن و مێرد : دەبێ چی بکەن؟ دەبێ سەر بەیەکەوە بنێن و بیگوزەرێنن . هەقی نییە گلەیی لە کەس بکرێت . بەڵام من لەم دوو ڕۆژەی دواییدا هەستم بە حاڵەتێکی پیرۆز کرد.. مەزن و پیرۆز . وەك هەستی شاعیرێك . بە دڵ پێشوازی خەوی شەوانم دەکرد.. بە پیرۆزیش دڵم بۆ سپێدەی هەموو بەیانییەك دەکردەوە . خۆم وەك کوڕێکی گەنج دەهاتە بەر چاو کە کتێبێکی سەیروسەمەرە بخوێنێتەوە ، بەڵام هەموو شەوێك وەختی خەوتنان دا یخاو بە خۆی بڵێ : هەر ئەوەندەی چاو لێك بنێت و بیکەیتەوە : خۆر هەڵدێ و سەر لە نوێ دەست دەکەیتەوە بە خوێندنەوەی کتێبەکەت . بەیانی زوو کە خۆر هەڵدی .. هەموو شتێك شیرینە ، کتێبەکەشی چاوەڕێیەو پڕە لە شتی عەنتیکە ، هەرگیز نائومێدی ناکات ، لەوەتەی دەستم کردووە بە تێکدانی ئەم ئاپارتمانە هەمان هەستی ئەو کوڕە گە نجەم هەبووە .

ژنە : ( بە خەمەوە ) قەت نەمزانیوە ئەوەندە ڕقت لێیەتی.

خەسو : هەموو هیوام ئەوەیە خوا بە خێری بگێڕێت.

( لە دەرگا دەدرێت و ژنە وەڵامی فەرمووی دەداتەوە و کارمەندێکی شاریی دێتە ژوورێ کە جانتایەکی خستۆتە بن هەنگەڵی ، مقەبایەکی کارتون ، چاکەت و پانتۆڵەکەشی سپیپاتە .. کتو مت لەوە دەچێت تۆزێك تەباشیری بەسەردا بارییێ .. حەز بە ماسی سەدەفی و بیر خواردنەوە دەکات . کە هەردوو ئافرەتەکە دەبینێت .. چیلکەی ددان پاککەرەوەکە لە دەمییەوە دەردێنێ و بە هەمان دەستیش شە پقەکەی دادەگرێ )

کارمەند : سەیرە .. کە باڵە     خانەیەك کەسی تێدا ...

ژنە : ئۆە .. ئەمە کارمەندەکەیە .. کابرای شاریی .

خەسوو : ( بە هەواو مووديێکی خۆشەوە ) ..؟

ژنە : ترسناکە .. وانی یە ؟ دوێنێ ئێوارە کە خەریکی چێشتلێنان بووم .. یەکە مجارم بوو لە نهۆمەکانی ژێرەوەڕا گوێم لە سەدای رادیۆ نەبێ ، لە هیچ لایەکەوەش سازی پیانۆ نەدەهاتە بەر گوێم .. هەر دەتوت دوا رۆژانی عومری پیرە بێوەژنێکی هەژار دەژیم ..

کارمەند : من هاتووم یارمەتییەکی شارەوانیتان بۆ تەواو بکەم .. خۆ تێمدەگەی ، ئەو خەڵکە هەموو چاوەڕێن چۆڵ بکرێ تا بتوانن تێکی بدەن ، هەر لە قونتەراتچییەکان و کرێکاران و گرێدەرەکان .. هەر هەموو تەیار و ئامادەن ، خۆ ئەو خەڵکە هەر بە گەمە ئێرەیان چۆل نەکردووە .. هەموو پارەی خۆیان وەرگرت و رۆیشتن .

مێرد : هێشتا هەقی سێ هەفتەی دیکەم هەیە تیا بمێنمەوە .

کارمەند : بۆمان هەیە بە زەبری یاسا دەرتبکەین.

مێرد : درێغی مەکە . ئەوەشیان چەند هەفتەیەکی دەوێ.

کارمەند : ئەگەر بۆ چەند دۆلارێکی دیکە خۆت دوا دەخەی .. ئەوە خەیاڵت خاوە .. شارەوانی نایدا .

مێرد : کەواتە تۆ وا دەزانیت بە نیازی چەند دۆلارێك لێرە ماوەمەتەوە تاوەکو لە جەنابتی وەر بگرم ... ها ... ؟

خەسوو : خۆزگە ئەوەندە زۆڵ و زیرەك بووایە .

کارمەند : چاکە .. ئەی خۆ بەتەما نیت کار و باری ئەم شارەش هەڵگێریتەوە ؟

مێرد : جا من چ هەقێکم بەسەر ئەم شارەوە هەیە ؟ لە هەموو ژیانمدا خێرێکی بۆم نەبووە .

کارمەند : ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت ؟ چەندەها خزمەتی جوان دەخەاتە بەر دەستت کە لای جەنابت بزرە .. ئەوە چەندەها جادەو شۆستە و ئاوڕا کێشان ، زێراب ، پردوقەنتەرە و زبڵ رشتن ... پۆلیس ..

مێرد : نەء .. بوەستە .. هەموو خزمەتەکان بزر بن .. پۆلیس دیارە ( شیشە ئاسنەکە لەسەر شانی با دەدا و هەڵیدەشەقێنی ، زۆر بە سووکەڵەیی وەردەسووڕێتەوەو دەڕوات ).

( کاربەدەستەکە بە سەرسامییەوە وەستاوە . زرمەیەکی زۆر ناقۆڵا دێتە بەر گوێی ، ئەم لە سەرسامی و ترسی خۆی دەلەرزێت )

کارمەند : ئەو زرمەیە چیبوو – ئەو کابرایە خەریکی چییە ؟

خەسوو : بۆ .. تەخمینی ناکەی ؟

ژنە : دایکە !!

خەسوو : بۆ تۆ وادەزانیت ئەم کارەی مێردەکەت هەر بە نهێنی دەمێنێتەوە ؟ بەتەمای کەس پێ نەزانێ ؟ کاکی برا .. ئەم پیاوە خانووەکە بەسەر خۆیدا دەڕمێنێت .

ژنە : دایکە .. ئەوەی تۆ دەیکەی ئەو پەڕی خیانەت و بێ ئەمەکییە .

کارمەند : باشە ئەو کابرایە شێتە .. چییە ؟ ( بە شەپقەکە لە ڕانی خۆی دەدات ) کێ ئەو هەقەی داوەتێ ؟ لە مرۆوە خانووەکە موڵکی شارەوانییە .. تازە کرێومانە و ئەمەیان کاری کردەنی نییە .. بەهەرحاڵ .. چما نازانێ کاری وا یاساغە . ( زرمە و تەقینەوەیەکی دیکە . کاربەدەستەکە پڕبە ژوورەکان هاوار دەکات ) . هێ ی .. تۆ ! ( وەڵام نییە . کاربەدەستەکە بە پشتی شانۆکەدا دەچێتە دەرێ )

خەسوو : لەوانەیە ئێستا لەگەڵ ئەو کەللەڕەقە بگەینە ئە نجامێك.

ژنە : هەر ئیستا تووشی گرفت و سەریەشە دەبێ .. تۆ تووشت کرد .

خەسوو : با بیخوات .. هەقی خۆیەتی.

ژنە : نا .. گوناهە .. تۆ تێیناگەیت.

خەسوو : ئەگەر بە پانزە ساڵ تێی نەگەیشتبم ... تازەش پێویست ناکات .( دیسانەوە کاربەدەستەکە دێتەوە ژوورێ.. هەموو گیانی خۆڵ و تۆزە ،تۆزیکی سپی ، ئەوەندە تووڕەیە هەموو گیانی وەك بینی ئاو دەلەرزێت ، ڕوو لە دواوەی شانۆکە دەکا و پڕ بە دەم دەنەرێنێت )

کارمەند : لە ڕاهی دۆزەخ .. تۆ خۆت بە چی دەزانیت ! ( زرمەیەکی دیکە ) کێ ئەو هەقەی داوە بە تۆ .. ها ؟ ( زرم و کوتی پاچ دێتە بەرگۆی ) خانمەکەم ..من لەبەر خاتری خۆت ئەو قسەیەت پێ دەڵێم .. وا بکە مێردەکەت دەست لەم کارە هەڵبگرێت .. بە پیك و پاچ کەوتووەتە سەر دارودیوار .. ئاتاری لەسەر پاتاری نەهێشت . من دەڵێم ئەمەیان یاساغەو ئیتر کەیفی خۆتانە .

ژنە : بۆ یاساغە ...؟ هەقی خۆیەتی . ئەی ناڵێن : ماڵ قەڵای پیاوە .

کارمەند : ( ڕادەچەنێ و دەم چاوی خۆی دەسرێتەوە ) وایە.. بە مەرجێك وەك قەڵایەك بیهێڵێتەوە .. نەك بیکات بە شێتخانە . جگە لەوەش .. ئەم خانووە هی خۆی نییە و شارەوانی کرێویەتی .. ئا لەسەر ئەم کارە دەتوانن زۆر خەرا پی پێ بکەن .. بۆی نییە دەست لە موڵکی دەوڵەت بدات .

ژنە : تا ئێستا لە کوێ بوون .. مردین ئەوەندەی کرێ ی خانوو بدەین .. بۆ کەس لێمان نە پرسی ؟

خەسوو : ئاخ کە هەموو جار پشتی دەگریت !

ژنە : هەڵبەتە .. پشتی دەگرم .. ئەی من ژنی ئەو کابرایە نیم ؟ ئەگەر تۆ نایزانیت .. من چاك دەزانم چی بە چاوی خویێ دیوە ، چ خەم و دەردێکی چەشتووە ، بۆیە هەقی خۆیەتی کە دەیەوێ تۆڵە لەم کاول بووە بکاتەوە و قەهری خۆی پێ بڕێژێت.

کارموند : ( دەست بۆ گوێچکەی دەبات ) خانم..بە قسەکەتدا دیارە کە ئەم مێردەی تۆ بۆیە پارەکەی ڕەت کرددۆتەوە تا خۆی خانووەکە بڕوخێنێت وا نییە ؟ ( لە ناوەوە ، لە ژوورەکاندا ، زرمەی پاچ کوتانە و

کاربەدەستەکەش ڕەنگێك دێنێ و ڕەنگێك دەبات ، لە سیمایدا سەرسامی و تووڕەیی و بەخاڵەت تێکەڵ دەبن ، دواجار لە کابرایەك دەچێ یاسا و دەستووری پێشێل کرابێ )
ئەمەی ئەو دەیکا نەك هەر شیتییە بەڵکو لە یاسا لادانە .کارێکی نابەجی و خەرا پە . ئا بەم ڕەفتارەوە خۆی دەخاتە بەندیخانەوە . ( دەفتەرێکی بچکولە دەردێنی و سەیرێکی ئەملاو و ئەولای خوی دەکا و هەندێ سەرنج و تێبینی دەنوسێت ) بێ مۆڵەت دەستی داوەتێ .. ناکرێت هەر کەس لە خۆیەوە خانوو تێك بدات

خەسوو : بە خوا بابەکەم .. من هەر زوو زانیم مۆڵەتی خانوو ڕووخاندن شتێکی پێویستە ... زۆریش !

ژنە : کەچی من وای تێناگەم .

کارمەند : خانمەکەم .. خانوو رووخاندن بۆتە پیشە هەر وەکو هەموو پیشەیەکی دیکە مۆڵەتی گەرەکە . ناکرێ هەر کەسەو لە جێی خویەوە خانوو و بەرە بڕمێنێت . دەبێت شارەزا بێت و لێی بزانێت ، باشە ئەو چی لە کارەبا و ئاو و گاز دەزانێت ، چۆن لە خۆیەوە دەستکاری ئەو شتانە دەکات ؟ باشە ئەو دەتوانێ بانیۆکە دەربهێنێت ، یان سیفۆنی ئاودەستەکە ، یا هەر شتێکی نیۆ ئەم خانووە ؟! ئاخر لەوانەیە کارەباکە بیگرێت و بیکوژێت ، ئەی جادەکە ؟ خۆ دەبێ ئاگای لە رۆحی خەڵکە پیادە بێت . جگە لەوەش لۆرییەکی زبڵی گەرەکە ، پەیژە .. کوا ئەم شتانەی لە کوێ بوو ؟ کەچی حەزیش ناکا کەس تاوانباری بکات . ( زرمەیەکی زۆر ناقۆڵا . مێردە دێتە ژووری و وێنەیەکی بە چوار چێوەی بووك و زاوایەتی پێیە )

مێرد : گیانەکەم .. وا بزانم ئەم وێنەیە تۆزێك لەق و لۆق بووە ، لێی مەترسە .. زیانی پێنەگەیشتووە . وا باشترە لە پەنایەکدا دایبنێیت .

ژنە : ( هەناسەی سوارە ) ئەوە تۆ گەیشتیتە ژووری نووستنەکەش . ( وینەکەی لێ وەردەگرێ و دەیگرێتە باوەش ) .

مێرد : لە دڵی خومدا وتم : گەر ئیمڕۆ درەنگیشم بەسەردا بێت .. دەتوانم تۆزێك ئیش لەو ژوورە بکەم .

ژنە : ژووری نووستن ...!

کارمەند : گوێ بگرە ڕۆڵە .. تۆ بەم شێوەیە خۆت تووشی سەریەشەیەکی زۆر دەکەیت .

ژنە : ( لە روانگەیەکی جیاوازەوە ) بەڵێ ئەلبێرت .. تۆ خۆت تووش دەکەی .

مێرد : شارەوانی نیازی وایە ئێرە بروخێنێت .. وا نییە ؟ نیازیانە هەر لێرە قوتا بخانە دروست بکەن.. وا نییە؟ باشە وای دانێ من بە مەرامی خۆم بەم کارە هەڵدەستم و خانووەکەی خۆم دەڕووخێنم .. پێم ناڵیی بۆچی ئەم کارەیان پێ ناخوشە ؟ یانی هەر دەبێ بچمە لای ئەم و ئەو فۆرم پڕ کەمەوە وەڵامی چەندەها پرسیار بدەمەوە ، لە کوتایشدا هیچ بە هیچ ناکەم . باشە .. من بۆ خۆم هەر بەتەنیا ماڵی خۆم دەڕمێنم .. کەسم ناوێ .. ئەوەیان هیچی تێدایە ؟ ( شیشە ئاسنەکە لە ئاگردانەکە گیر دەکا و هەڵیدەتەکێنێ و هەرچی ئینجانە و قاپ و قاپاخی جوان و پەیکەری بچوك هەن بەم لاو بەو لادا دەپەڕن )

ژنە : ( کێوییانە ) ئۆە ... توو خوا شتەکانم .. سەدەفە جوانەکانم .. ئەو هەموو پەرداخ و کاسە و گۆزە و مەسینە و کوپ و فینجانەکانم .. ئۆو توو خوا کەی ( لە سەر لەپ و ئەژنۆ دەخشێ . دایکەش ، لە ژێرەوە دەبۆڵێنێ و لە کۆ کردنەوەی شتەکان یارمەتی دەدات )

مێرد : ئۆ ە .. سارا .. گوێی مەدەرێ ، هیچ نییە . هەندێك شتی تازەترت بۆ دەکرم .. ئەمانە کۆن ببوون . سەیری ئەم سیسرکە مەزن و بەشکۆیە . سەیرە گەر کۆنترین میوانی ئەم خانووە نەبێ ..! بزانە هەر خۆیشی سەغڵەت ناکا .. سەیری ئەم تروتۆپ و دەبدەبەیە . دەتوانیت ناو لەمە بنێیت " ئۆرستۆ قراتیەت" پانزە ساڵە خزمەتی ئەو دەکەین .. ئەو ئاغایە و ئێمە کرمانج .. من دڵنیاشم کە خۆیشی لە گوورە نابات .. جا بۆ؟

خەسوو : ( ڕوو لە کاربەدەستەکە دەکا ) خۆ دەبینیت ئەم کابرایە چیمان پی دەکا ؟ بەڵام لەوانەشە وەختی بێ . هەقە تا بەیانی لێی بگەڕێیت .. بەڵکو واز بێنێ لە وانەشە تۆزێ هۆشی بێتەوە بەر .

کارمەند : تەواو ئاگای لە خۆی بڕاوە ... بە هەر حاڵ .. بیر لەم مەسەلەیە دەکەمەوە .

مێرد : سەیر کە .. ڕای تاکە مرۆڤێك چۆن شتەکان دەگۆڕێت، من قەت لەوە باشتر نەبوویمە ، هەمیشە کابرایەکی سیحرباز و سەربەگۆبەند بوویمە ، خۆ دەیبینیت چۆن سیحر دەبارێنمە سەر هەموو شتێکی ئەم ماڵە ، من توانیومە خۆم لە ژیانی ڕابردوو دا پچڕێنم .. ئەو ژیانەی کە زیان لە ڕۆح دەدا . ڕابردوو ، خۆت دەیزانی ، چەند ترسناکە گەر نەزانیت مامەڵەی لە تەکدا بکەی ، گەر عەمبارێکم هەبووایە ئەو ڕابردووە پڕ لە ئازارەم لەوێ تەقەت دەکرد ، یان گەر بمتوانیبا دەمخستە نێو بەلەمێکی پەل و لە دەریایەکدا قلپم دەکردەوە تا نەورەسەکان لێی تێر دەبوون .. ئەوسا دڵم ئاوی دەخواردەوە . پیاو ناتوانێ ئەو مێژووە

گرانه ، زۆر گرانه ، له کوڵ بنێ و بیگێڕێ . زۆر ناخوشه .. وەك ئەوە وایە مەلێکی خۆشخوان هەمیشە بیری بێتەوە کە لە سەردەمێکی زوودا ڕەشەمارێك بووە .. چۆنە ؟

کارمەند : ( دەست بۆ تەوێڵی خۆی دەبا ) ئۆه .. کابرا .. ! (کاربەدەستەکە دەچێتە دەرێ )

خەسوو : وا باشترە دوایی بیدوێنم ... لەوانەیە وای لێ بکەم واز لەم بەزمە بێنێ.
تۆش بیدوێنە ڕەنگە قایل بێت ، ئەوە خوایە و هۆشی بێتەوە بەر . (دەچێتە دەرێ )

ژنە : ( کوپێکی شکاوی بەدەستەوەیە ) ئەلبێرت؟

مێرد : گیانی ئەلبێرت .

ژنە : باشە لە نێو ئەم ماڵەدا هیچ شتێك هەیە ، هەر شتێك بێ ، کە تۆ ڕقت لێی نەبێت !

مێرد : ( بە ڕامانێکەوە ) وا بزانم هەیە .

ژنە : لە هەموو ژوورەکان تلاویتەوە ؟

مێرد : هەڵبەتە ... خەم و ئازار لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر لەگەڵما بووە .. خۆت دەیزانی .

ژنە : لە ژووری نووستنەکەش ! ؟

مێرد : ( دەشڵەژێت ) لەوانەیە بە قەد ژوورەکانی دیکە ئازارم تیا نەدیبێت .

ژنە : باشە هیچی وای تێدا نابینیت کە بیپارێزیت .. شتێك کە نەتەوێ بیڕوخێنیت ؟ شتێکی وا کە بەهاو نرخێکی بە ژیانت بەخشیبێ .. هەتا گەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ .

مێرد : هەڵبەتە هەیە .. گەر پیاو خۆی لە خوا نەکات .

ژنه : ( به سووکه تەوس و گاڵتەیەکەوە ) مووبەق ، لەوانەیە ، بە یادی ئەو ژەمە خۆشانە . ( کابرا شان هەڵدەتەکێنی و ژنە نەغمەی قسەکانی دەگۆڕێت ) . ئەلبێرت .. من هەمیشە هەوڵم داوە هێلانەیەکی خنجیلانەت بۆ خۆش بکەم . ڕاستە .. ڕۆژانی ناخۆشمان دیوە .. بەڵام تووئەو خودایە ئاسوودەم نەکردووی ؟ بیرتە ئەو جارەی کە پارەکەیان لێ دزیت .. بیرتە چۆن دڵم دایتەوە .

مێرد : ( بە ماندووبوونێکەوە ) ئەویشیان وایە .

ژنە : ئەی ئەو جارەت بیرە کە لە شەقامی - لێکسنگتن - ئۆتمبێل لێی دایت .. بە پەلە هاتم و لە خەستەخانەکەوە بە سواری تەکسی هاتینەوە ماڵێ و خۆم خزمەتم کردیت ، شەوانیش خەوت نەدەهات و چام بۆ تێ دەکردیت ، بە دیارتەوە ئێشکم دەگرت و تا بەیانی نەدەخەوتم ..ئەی ئەو جارەت بیرە کە کۆمپانیای موبیلیاتەکە ویستی کورسی و قەنەفەی ژووری دانیشتنەکەمان لێ بسەنێتەوە ؟

مێرد : بەڵێ ... بیرمە .

ژنە : ئەی ئەو پاش نیوەڕۆیەی کە بەیەکەوە لەسەر کەناری – جۆنز- دا ڕامان بوارد و پاشان هاتینەوە – جگە لەوەش ...

مێرد : هەڵبەت .. هەڵبەت .. ڕۆژێکی خۆش بوو . شتی وا نابێتەوە .

ژنە : کەواتە ڕات چییە بەرامبەر ئەو هەموو شتە خۆشانە ؟

مێرد : گیانەکەم .. بیرم نەچووە . من وتوومە دەبێ لە یادی بکەین ؟ بەڵام با ئەوەندەش نەکەوینە دوای سۆزو تاسەوە .. کۆنە کچ .. چونکە کە مرۆڤ دێتە سەر واقیع ناکرێ هەموو خەمێکی ئێستای بە خۆشییەکی ڕابردوو بەراورد بکات.. گەر ئەوەندە دوژمنە خەم بیت .. تامی خۆشیش نازانیت .. بەهەر حاڵ .. گەر حاڵ وابێ مرۆڤ وەك بازرگان دەفتەری حسێبێك بۆ خۆی بکاتەوە . بۆ دەتەوێ وای بنوێنیت کە بێزاروو غەمگین نیت .. گوایە دووچاری هیچ گرفتێك نەهاتووی ؟ئەم بارە ناهەموارە قەت وای لێ نەکردووی بناڵێنیت ؟ باشە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەستت نەکردووە ئەم ماڵە وەك قەفەز وایە ؟ هەستت نەکردووە ئەم دیوارانە بە تەوێڵی زەردەوە ، بە چاوی پیس و مردووەوە سەیرت دەکەن ؟ وەك مناڵێك گەمە بە عەقڵم مەکە و بڵێی نا .. !!

ژنە : ( بە دوو دڵییەوە ) هەڵبەتە وا بووە .. هەندێك جار .

مێرد : ( پاچێكی دەسك كورتی دەداتێ ) كەواتە چاوەڕێی چیت ؟ مەرد بەو بیڕوخێنە .

ژنە : ( بێ دوودڵی رەتی دەكاتەوە ) نەخێر .. شتی وا ناكەم . من خۆم ئەم دیوارانەم بۆیاغ كردووە و خۆیشم كاغەزم تێگرتووە ، هەر خۆشم زەوی ژوورەكانم شۆریوە و .. جگە له پاكردنەوەی هەموو كاسەو كەوڵ و داروبەردێكی نێو ئەم ماڵە .

مێرد : هەروەها جنێویشت بە خاوەن خانووەكە دەدا .

ژنە : واز لە خاوەن خانوو بێنە .. گرنگ ئەوەیە خۆمان تێیدا ژیاوین .

مێرد : هەر لێرەش تلاوینەتەوە .. نەگبەتی دونیامان دیوە .

ژنە : خەم و نەگبەتی لە هەموو شوێنێكدا هەیە .

مێرد : سارا .. هەندێكجار پێویستە هەست و نەستی مرۆڤ گڕی لێ ببێتەوە . هەندێكجار شتێكی چاكە گەر بتوانیت تووڕە بیت ، تووڕەیی جوانە .. لە گەڵیا هەست بە شكۆمەندی و شەرەفێك دەكەیت وات لێ دەكا ڕێزێك بۆ زاتی خۆت دابنێیتەوە .

ژنە : زۆر چاكە .. كەواتە من بێزار و تووڕەم .

مێرد : سەبارەت بە چی ؟

ژنە : سەبارەت بە ژووری نووستن . ئەی تۆ ناڵێی : تیایدا شاد نەبووم .. تۆ هەمیشە وا دەڵێی .

مێرد : ( بێ پێداگرتن ) بەڵێ .. خۆی وایە .. گوێ بگرە سارا .. كۆنە كچ .. با بە نیاز خرا پیەوە لەگەڵ یەكدی نەدوێین .. خۆ لە مەبەستم تێدەگەی .. حەز ناكەم بە درۆ بگەیتە ئەو بڕوایەی كە ماڵەكەت ڕاگرتووە .. بە تایبەتی گەر لە ڕاستیدا وا نەبێ .. بۆ بەرووكەش وای دەنوێنیت ؟ ترست نەبێ .. لە ئە نجامدا هەموو شتێك دێتەوە جێگەی خۆی.

**ژنه : لەوە ناچێت تۆ منت خۆش بوێت .**

**مێرد : ( بە تووڕەییەوە ) وانییە .. بە پێچەوانەوە .. من تۆم خۆش دەوێت . بۆ تۆ وا دەزانیت من بۆ خۆشی خۆم ئەم خانووە دەڕمێنم ؟ باوەڕت بێ هەر کون و دەلاقەیەك لە دیوارەکە دەکەم بۆ تۆیە .. کە دەیڕمێنم .. بە خۆم دەڵێم .. – " ئەمەیان بۆ سارا " یە .. بە خۆم دەڵێم – " ئا لێرە بوو سەری خستبوو سەر ئەژنۆو دەتلایەوە . ئا لێرەش هەواڵی ناخۆشی بیست ، لێرەش بوو هەردوو پێیەکانی سووتان .. لێرە بوو بە شەڕ هاتین ... "**

**ژنه : بەڵام ئەلبێرت ژووری نووستنەکە .. ئاخر خوا هەڵناگرێت .**

**مێرد : باشە باش .. تۆ جارێ وەرە با مووبەقەکە تێکبدەین .. دوایی باسی ژووری نووستنەکەش دەکەین .. ئەویش ژوورێکە وەك ژوورەکانی دیکە.**

**ژنه : نەخێر .. وا نییە .. دەستی لێ بدەی خوا هاوار.**

**مێرد : ئەوە چییە .. هەڕەشەم لێ دەکەی ؟**

**ژنه : ئەی چاوەڕێی لە خۆشیانا باڵ بگرم .**

**مێرد : کە واتە تۆش چاوەڕێ مەبە وەك تۆ ببمە فریشتە ، یان سوپەرمان . گەر تۆ توانات هەیە لە هەموو شتێك ببووریت .. ئەمەیان بەختە جوانەکەی خۆتە . بەڵام گەر من وەك تۆ بم : ئەوە دیارە نیازم خراپە ، ڕاستە دەبێ شتەکان پاك و تەمیز بن .. ڕێك و جوان بن .. بەڵام پێم بڵێ : ڕووخاندنی ئەم خانووە بۆ وا خۆشە ؟ بۆ کە سەربانەکان دادەڕمێن من شاگەشە دەبم .. ها .. ؟ کە بە پاچەکە دەکەومە دار و دیوار وا هەست دەکەم سەما دەکەم ، بۆنی خۆڵ و تۆزەکە سەرمەستم دەکات .. وا دەزانم بۆنی گوڵ و ڕەیحانە دەکەم .. قەتیش لێی ماندوو نابم .**

**ژنه : باشە من تا ئێستا دەستم گرتووی بڵێم وا مەکە ؟ یان وات لێ بکەم بە زۆری هەزار دۆلارکە وەر بگریت ؟ تا ئێستا گلەییم لێ کردووی .. وتوومە : بوەستە با شتەکانم بپێچمەوە .. ها ؟**

**مێرد : نەخێر .. بەڵام هێشتا هەقە ئاسوودە بیت کە من شتێکم دۆزیوەتەوە .. شتێك : خۆی هاوار بکا و بڵێ : وەرن کوتاییم پێ بێنن ، ئەوەش خۆی لە خۆی دا ئاما نجێکە---**

ژنە : وایە .. دەبێ خۆشحاڵ بم بەوەی تا ئێستا منت دانە پاچیوە . دەبێ لە خۆشیانا بفڕم چونکە تا ئێستا بەو پاچەی دەستت وەك رەفەکانی ژووری گە نجینە سەری منت لەت و پەت نەکردووە .

مێرد : دڵەکەم .. تکات لێ دەکەم .. تێم بگە .. وتم : ئاما نجێکە---

ژنە : ئەو ئاما نجە جێگەی ئەو هەموو کاولبوونە دەگرێتەوە ؟ تۆ وام لێدەکەی هەست بەوە بکەم من تۆم خستبێتە قەفەزێکەوە .. یان تەڵەم بۆ دانابیت .. باشە ئێرە ماڵی تۆ بووە یان زیندانەکەی " با ستیل " ؟ ئاخۆ هیچ بایەخێکی لای تۆ نەبووە ؟ وا هەستدەکەم هەموو شەوێك بە ترسەوە خەوتبیت .. ترسی ئەوەی هەر لە خەودا بیت و دڕندە بتخون ، یان کەسانێك شەو بە سەرت دابدەن ؟ لەوە ناچێ بۆ هیچ شتێك شوکرانە بژێر بیت ، رێز لە هیچ سەر و سەرچاوەیەکی خۆت ناگریت . من زۆر جار دەچمەوە ئەو شوێنانەی بە کچێنی تیایدا ژیاوم ، زۆر جاریش ئەو هەوارە بە چۆلی دەبینم و ئەو کەسانەی دەمناسین لەوێ نەماون لە خۆم دەپرسم .. کوا ئەو شتانەی لای من بەها و بایەخیان هەبووە ؟ گەر بتوانم ئەو هەموو شتانە زیندوو دەکەمەوە ،ساڵێکی دیکە هەر لێرە قوتا بخانەیەك بنیات دەنێن ، هەر لێرە مناڵان دادەنیشن .. لەم شوێنەی من و تۆ دەژیاین.

مێرد :هەڵبەتە وانەی مێژووشیان پێ دەڵێنەوە .

ژنە : ئەوسا من و تۆ لە کوێ دەبین ؟

مێرد : خانوویەکی تازە .

ژنە : نا .. من باسی ئەو ژیانە دەکەم کە لێرە بەسەرمان برد .ژ ئا ئەو ژیانە چی بەسەر دێ ؟

مێرد : ئەی ژیانی ئەو قوتابییە وردیلانەی لێرە دەژین .. چی بەسەر دێ ؟ تۆ دەڵێی : ئێرە بۆ من وەك زیندانەکەی –باستیل – وا بووە ... دیارە تۆ حەزت کردووە بیکەی بە مۆزەخانە .. وا نییە ؟

ژنە : ئەلبێرت .. وا بزانم من ژنێکی خراپ نەبووم ؟

مێرد : حاشا .. تۆ قەت خەراپ نەبوویت.

ژنه : هەمیشە بە ڕێزەوە سەیری نیاز و مەبەستەکانم کردووی ، قەتیش ، دڵساردم نەکردووی ، قەتیش نەبوومەتە کوسپی سەر ڕێگەت . با درێژەی نەدەینێ .. تۆ دەتەوێ ئەم خانووە بڕوخێنیت ؟ کەواتە بەردەوام بەو بیڕوخێنە .

مێرد : بە خوا فریشتەی.

ژنە : بەڵام ئاگات لێبێ .. گەر ژووری نووستنەکە تێکبدەی .. مانای وایە بە تەنیا دەچیتە خانووە تازەکەت.

مێرد : نا .. باوەڕ ناکەم .. تۆ شتی وا ناکەی.

ژنە : بەوەڵلاهی بە جێتدێڵم ، تۆ خۆت وتت تووڕە بوون شتێکی سەیرە.

مێرد : دیسانەوە باوەڕ ناکەم.

ژنە : باوڕ بکە .. دەیکەم و زیاتریش . ئەی چیدیکەم لە دەست دێ ؟ تۆ خۆت ڕێم بۆ خۆش دەکەی .

مێرد : هەر ئێستا گەیشتمە بڕوایەکی سەیر : تەنها پیاوە زۆر ئاسایی و ڕەشۆکییەکان دەتوانن ژن و ماڵ بەڕێوە ببەن .. با خەونی گەورەشیان هەبێ .. هیچە .. گەر ڕاستیت دەوێ هەموو ئافرەتەکان حەز دەکەن مێردەکانیان پیاوی ڕەشۆکی بن و خۆیان تووشی هیچ سەریەشەیەك نەکەن . نە مێردە عاقڵەکان دەبنە پاڵەوان ، نە پاڵەوانەکانیش دەبنە مێردی چاك .. هەرگیز .. ئەوەیان ڕاستییە .

ژنە : یانێ ئەوەی تۆ دەیکەی پاڵەوانبازییە ؟ ( پێدەکەنێ )

مێرد : ڕابوێرە .. گەر وات پێخۆشە .. ڕابوێرە .. قەت لەوە ناچێ بیرت لەم مەسەلەیە کردبێتەوە . باشە تۆ لە هیچ شوێنێکێدا بیستووتە " ئەخیل " ی . پاڵەوان شتێکی بنیات نابێ ؟ یان یولیسیس ؟ ئەوان بوون تەروادەیان کاول کردو خەڵکەکەشیان کوشت . کێ بوون پاڵەوانانی شەڕ ؟ هەر ئەوانە نەبوون کە شارەکانیان بۆمباران کرد.. پاڵەوان ئەو کەسەیە هەموو پەیوەندییەك لەگەڵ ڕابردوودا دەپچڕێنێ . . بە تایبەتی گەر ئەو ڕابردووە ئازاری بدا .. ئەو خۆی لەو هەموو شتانە ڕزگار دەکا کە پیاوانی دیکە بەر لەو کردوویانە .

ژنه : پیاوان .. بەر لەو ؟ مەبەستت وایە بڵێی – ( بە تووڕەییەوە ) ئەو پیاوانە کێن کە توانیویانە بچنە ژووری نوستنەکەمان ؟ تۆ بەم شێوەیە تۆمەتم بۆ هەڵدەبەستی ؟

مێرد : نا .. نا . ئەوە تۆ بۆ وا منالانە بیر دەکەیتەوە جگە لەوەش – هەق نییە وا بە گلەیی بیت ، تۆ وام لێدەکەی هەست بەوە بکەم گوناهبارم ، قابیلە بچم ژووری نووستنی خەڵکی بپرخێنم ؟ شتی وا بووە ؟

ژنە : ( یەکە مجار ڕادەچەنیّ ، پاشان بە گلەییەوە دەدویّ ) ئۆە ... ئەلبێرت .. چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەی قسەی وا بکەی ... !

مێرد : من هەمیشە مەبەستم پاکە ، بەڵام بۆم نایە ، ئای سارا .. دە توو وەرە ( دیسانەوە بە گەرمی دەدویّ ) خۆت تاقی کەرەوە . کە دەستت پێکرد ئەوسا دەزانیت من بۆ وام کردووە . هەندیّ جار هەقە خۆت ڕا بێنیت . یەکجار بەو پاچە دیوارەکە دارمێنە .. تەنها یەکجار .. ئەوسا هەست بەوە دەکەی مرۆڤێکی زۆر جیای ( پاچێکی دەسك کورتی دەداتیّ ) تۆ نایزانی چ خۆشییەکت پێدەبەخشیّ .. دایرمێنە .

ژنە : نەخێر .. هەر تازە پێموتی چیم نیازە.

مێرد : وەرە پێش سارا .. وەرە خۆت ئازاد بکە.

ژنە : نەخێر .. من ناو لەوە نانێم خۆ ئازادکردن . ئەوەی تۆ دەیکەی بیّ ئەمەکییە .

مێرد : تۆ ئەوەندە وزیت و وریا نیت ، بەڵام ئەوەیە کەللەڕەقیت . مەسەلەکە تەنها ئەوەیە کە ئێرە ماڵی خۆت بووە .بۆیە دەبیّ لات دلگیر بیّ .. من ئەوە بە بیّ عەقلّی دەزانم.

ژنە : هەر ئێستا ماڵەکەت بۆ چۆل دەکەم .. خۆشم بە بەختەوەر دەزانم کە لە بانق حسێبێکی تایبەتیم کردۆتەوە .

مێرد : تۆ ئافرەتێکی زۆر وشکیت .. زیاد لە پێویست هەقە تۆزیّ نەرم و نیان بیت .. خۆت ڕابێنە .. مەسەلەکە زۆر عەمەلییە . هیچ نەبیّ لە پێناو تەندروستی خۆت .

ژنه : ( هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و سەر ڕادەوەشێنێ ) ئای کە بیر و خەیاڵی سەیرت لایە ،تۆ دەتەوێ من باوەڕت پێبکەم کە ئەمەی دەیکەی لە پێناو تەندروستی خۆتدایە ؟

مێرد : هەڵبەتە .. لەبەر خاتری تەندروستی خۆمە .( روو دەکاتە ژنەکەی ) باشە بە ڕای تۆ من بۆ دەمەوێ ڕاستگو بم ؟ ڕاستی زۆر ترسناکە ..ئەگەر زۆر بدوێم تۆ تووشی خەم دەکەم ، بەڵام گەر خۆشم بخۆمەوە قسە نەکەم .. خۆم خەفە تخان دەبم . ( بە پشتی هەر دوو دەست بەری چاوی خۆی دەگرێ و پاشان بە جوانی دووری دەخاتەوە ) با هەندێ درۆو دەلەسە لە خۆمان داتەکێنین ، با باوەڕ بەو شتانە بکەین کە بە رۆح هەستی پێدەکەین ، با بە شتێکی راستی بزانین .. چیتر نکۆڵی لێنەکەین ، با چیتر بە درۆ نەژین : هەر لەبەر ئەوەی ماڵ و حاڵمان لێ تێك نەچێ ، یا لەبەر خاتری ساغ و سەلامەتی خۆمان . جا بۆیە دەڵێم دەبێ ژووری نووستن دارمێ ، بەڵام لەوانەیە ژووری تازە شایستەی بەگزادەو شازادە بێ ..لەوانەیە گوڵەکان لەسەر گەچی دیوار و فەرشەکاندا بپشکوێن .

ژنه : ( تۆزێك بە لادا دادێ ) ئۆە .. ئالبێرت .. تۆ بەراستیتە ؟

مێرد : بەڵێ بەراستیمە وەرە با بەیەکەوە دەرگاکان لە گرێژنەوە دەربێنین . قەت سەیری ئەو کرێکارانەت کردووە کە خانوو دەرووخێنن ، ئای کە دیمەنێکی جوانە .. بە تایبەتی کە دەرگا شین و پەمەییەکان بەتەنیا هەڵدەپەسێرن ، خۆ جاران ئاگات لێبوو گەچی بنمیچەکە بەر دەبۆوە ناو بانیۆکە ، ئێستا .. خۆمان دەتوانین بانیۆکە پڕ کەین لە گەچ ، با ئەم مشەمما و نایلۆن و کاغەزانە لە دار و دیوارەکە داماڵین .. زەوی ژوورەکان هەڵدڕین ، وەك زریان بە ژوورەکاندا بلوورینەو .. دەی دەست پێبکە .

ژنه : ( خۆی گرژ دەکا ) نەخێر .

مێرد : ( ئاوری لێ دەداتەوە ) نایکەی ؟

ژنه : پێموتی چیم نیازە.

مێرد : دیسانەوە مەسەلەی ژووری نووستنەکەیە ؟

ژنه : هەڵبەت .. باوەڕت بێ لەسەر ئەوە جێت دەهێڵم.

مێرد : ( بە تووڕەییەوە ) زۆر چاکە ، بڕۆ .. بڕۆ هەی بە نەفرەت بیت . هەموو کەلو پەلەکانت بپێچەرەوە ، کاسە و شووشە ناسکەکانت ، ئەوانەی خۆت حەزیان لێدەکەی ، گۆزە و مەسینە و پەیکەرە بچوکەکانت ، قاپ و لەگەنی چینی ، ئەو شتانەی دیلیان کردووی ، هەمووی بەرەو بڕۆ ، هەر بە تەنیا ئەم هێلانەیە دەڕووخێنم ، ناهێڵم داری لە سەر بەردی بمێنێ ، دەیڕمێنم .. لەگەڵ زەوییەکە تەختی دەکەم . ( شیشەکەی دەستی دەگرێتە بنمیچەکە ، چراخانەکە بەردەبێتەوە بەر سەری خۆی دەکەوێ ، لە هۆش خۆی دەچێ و دەکەوێتە سەر زەوی )

ژنە : ( بە تاو بەرەو لای مێردەکەی ڕادەکا ) ئۆە .. هاوار بە مالم .. کەللە سەری خۆی شکاند .. ئەلبێرت .. گیانەکەم .. ئۆە.. دڵەکەم ... ئەلبێرت ... ئەوە چیت کرد !! دایکە .. ئۆە ... فریام کەوە .. دایە .
( مێردەکەی ماچ دەکا ، دەستی دەگوشێ ، لەسەر و قژی ورد دەبێتەوە ، سەر بە سنگییەوە دەنێ و گوێ لە تر پەی دڵی دەگرێ ) لەوانەشە دەماغی لەق بێ ، گەر شتێکی لێ بێ تا ماوم لە خۆم نابوورم ، دەبێ تا ماوم تف و نەفرەت لە خۆم بکەم . ئۆە.. خۆ خانووەکەی هەر دەڕووخاند .. چاکتر وا بوو لە تەکیدا بوەستم .. هیچ نەبێ نەمدەهێشت زیانی پێ بگات ، دەمتوانی لەسەرخۆ یارمەتی بدەم . ئۆە .. خۆشەویستە بچکۆلەکەم .. مێردە ساوا و عەقڵ جوانەکەم . ( لەسەرخۆ دێتەوە هۆش خۆی ) ئۆە .. هاتیتەوە هۆش خۆت .. ڕۆحە شیرینەکەم .. ئێستا دەڵێم تۆ ڕاست بوویت .. با چیتر بە شەڕ نەیەین .. توو خوا ... ئێستا چۆنیت ؟ ( مێردە دەناڵێ و سەری خۆی دەگرێ ، هەوڵی ئەوە دەدا هەڵسێتەوە )

مێرد : تۆزێك گرانتر بووایە دەیکوشتم .. زمانی خۆشم گەست.

ژنە : ئەلبێرت .. ڕۆحەکەم .. ئەلبێرت .. دە چاو هەڵبڕەو سەیرم کە .. ( دەست دەداتە پاچەکە و لەسەرخۆ و بە شێنەیی دەیدا لە دیوارەکان ) ئەلبێرت .. خۆ دەمبینی ؟ فێر بووم ؟ فێر بووم .. تێتگەیشتم .. چیت پێوتم : وا دەکەم .. شتێکی خۆشە .. کارێکی مەزنە . ( گلۆپێك دەشکێنێ .. لەو زرم و کوت و ئازایەتییەی خۆی سەرسامە ) . ئۆە .. ئەلبێرت چەند بە درەنگ فێری شت بووم . گەر تۆ ڕێگەت بە من نیشان نەدایە : لەوانە بوو تا ئێستاش بنیادەمێکی ترسنۆك و دوورە پەرێز و سارد و سڕ بوومایە .. هەر بە قەد مشکێك غیرەتم دەبوو .. بیری لێ بکەرەوە .. چەندە سەیرە .. مرۆڤ لە هەموو ژیانی دا نەتوانی کارێکی مەزن ئە نجام بدا.( بە پاچەکە دەکەوێتە تێکدانی ئاگردانەکە )

مێرد : ئەوەندەی نەمابوو مێشکم بپژێ. ئەوە تۆ خەریکی چیت؟ ( سەیری دەکا ).

ژنە : خەریکی چیم؟ بۆ..... خەریکی ئەو کارەم کە تۆ حەزت دەکرد پێی قایل ببم... هیچ نەبێ لەبەر خاتری خۆم... کەچی گوێی خۆم لێ کەڕ کرد.

مێرد : بەو گۆڕانە خۆشحاڵ نییە ) بوەستە... دەقیقەیەك.

ژنە : ( هێشتا دار و دیوار دەکوتێ ) بۆ.... مەسەلە چییە؟ زرمە زرمەیەکەت لا ناخۆشە؟

مێرد : تۆ دەقیقەیەك بوەستە.

ژنە : بەلاّم منت رازی کرد کە---

مێرد : راستە ، بەلاّم زۆر دڵنیا نیم . کە تۆ دەیکەی وا جوان نییە .. لێت نایە .

ژنە : بۆ لێم نایە ؟ حەز دەکەم بزانم بۆ ؟ بۆ دەتەوێ واز بێنم ؟ دوای ئەوەی لە نیاز و مەبەستەکانت گەیشتم ؟ دەزانم قەت چاوەرێت نەدەکرد خۆم خانووەکە بڕمێنم ، بەلاّم من ئێستا گەیشتمە قەناعەت و ( سەری ڕادەوەشێنێ ) کە چی تۆش دەڵی ی وازبێنە !!

مێرد : ( هەڵدەستێتەوە .. ئاسوودە نییە ) مەسەلەکە دەقاو دەق ئاوا نی یە.

ژنە : سەرت چۆنە ؟

مێرد : وا بزانم .. چاکترە.

ژنە : گێژ نەبوویت ؟

مێرد : زۆر نا .. موعجیزە بوو.

ژنە : ( شیشە ئاسنەکەی دەداتەوە ) کەواتە وەرەوە سەر ئیشەکەی خۆت ( ماچی دەکا )

مێرد : بەلاّم وا بزانم کەمێ حەوانەوەم گەرەکە .

ژنە : بەڵام با درێژە نەکێشێ .. دەزانی .. کت و پڕ هەستم بەوە کرد کە بە هێزم . هەر کە دەستم دا پاچەکە گوڕو تینێك ڕژایە نێو بازووەکانم . سەعاتێ لەمەوبەر ئەوەندە لاواز و بێ هێز بوون نەمدەتوانی پەتاتەشیان پێ بڕنم . گیانەکەم .. بسرەوە .. دوایی بەیەکەوە ژووری نووستنەکە دەڕمێنین .

مێرد : ژووری نووستن ؟

ژنە : هەڵبەتە .. ژووری نووستن !

مێرد : ( خەیاڵ دەیباتەوە ) تۆ---

ژنە : بەڵێ .. من .. ئێستا تێگەیشتم بۆ وات دەکرد.

مێرد : چاکە .. سارا ( بە دوو دڵییەوە ) ئەرێ بەڕاستی – مەبەستم .. بەڕای تۆ-- ئەم کارە .. تۆ ئەم کارە بە راست دەزانی ؟

ژنە : ئەوە چییە .. تۆ نیازت نییە بیرووخێنیت ؟. بەڵام با پێت بڵێم : من مەبەستمە .. ئێستا کە بیر لە هەندێك شت دەکەمەوە لەم ماڵە رووی داوە .. بە ڕاستی دەگەمە ئەو بڕوایەی بیڕمێنم . کت و پڕیش حەزم لێیە ئەوە بکەم کە تا ئێستا نەموێراوە ..

مێرد : ( بە گلەیی و سەرزنشتەوە ) سارا .. !

ژنە : دە باشە .. بەڵام من پێم وتیت : دەمەوێ بە کارێك هەڵبستم کە بە ڕاستی دەزانم . خۆ لەوەیاندا ڕێم لێ ناگریت ؟ کە سەیری هەندێ شوێنی ئەم بنمیچە دەکەم خەریکە شێت دەبم . من تا ئێستا کوێر بووم و ئەو شتانەم نەدەدی .

مێرد : سارا .. تۆ هەست ناکەی .. تۆ دڵنیای ؟

ژنە : بۆ وا دەڵی ی گیانەکەم .. تۆ من سەرسام دەکەی ئەوە چ یە .. پەشیمان بوویتەوە .. ؟ یانێ دەست لە ژووری نووستنەکە نادەی ؟ .. بۆ .. منالانە بیر دەکەیتەوە .. ئەی خۆت . نەتوت .. ژیانی رۆژانە گەلێك سارد و سڕ و بێ مانایە ، دەبێ ژن و مێرد چۆنی بەسەر ببەرن .. ئا .. وتت : دەبێ بە یەکەوە گەرمی بکەنەوە .

مێرد : ڕاستە .. وایە ، هەڵبەت ... بەڵام ..

ژنە : باشە ئەی تۆ ناتەوێ خانووەکە بڕمێنیت ؟

مێرد : دەمەوێ .. بەڵام بەلامەوە سەیریشە .. چۆن وا کتو پڕ و یەکسەری دەتەوێ لە ژووری نووستنەکەوە دەست پێبکەین .. دیارە شتێك هەیە و لێمی دەشاریتەوە .. دە بیڵێ ..

ژنە : چی هەیە تا بیڵێم ؟ دەتەوێ ڕەسمت بۆ بکەم ؟

مێرد : سارا .. تکات لێدەکەم .

ژنە : ( دیسانەوە شیشە ئاسنەکەی دەخاتەوە بەر دەست ) تۆ لە گەڵمای یان نا .. ؟ پاشگەز دەبیتەوە یان دەیڕوخێنیت ؟

مێرد: چار نییە .. با کەیفی تۆ بێ ( زۆریشی بەلاوە ناخۆشە )

ژنە : وا چاکترە پەیژە دوو لابییەکە بێنیت .. شێتی ئەوەم خۆم بگەیێنمە بنمیچەکە . ( توند پاچەکە دەگرێ و بەوپەڕی خۆشی یەوە پێ دەکەنێ ) هەر ئێستا بیرێکم بە مێشکدا هات .

مێرد : ها .. خێرە .. ؟

ژنە : چاکترین چارەسەر بۆ مانەوەی من و تۆ ڕمانی ئەم خانووەیە .( دەیگرێتە باوەشی )

مێرد : ( بە نەرمییەوە ) لەوانەیە وا بێ . ( پەردەکە دادەرێتەوە )

دوای ساتە وەختێك .. زرمەیەکی ناقۆڵا دێتە بەر گوێ.

*************

<u>پەراوێز :</u>

**سۆل بێلۆ** : لە( کوییك ) لە دایك بووە ، بەڵام کە تەمەنی گەیشتە نۆ ساڵی بە ماڵ و حاڵەوە ڕووەو ( شیکاگۆ ) گواستیانەوە ، هەر لەو شارەدا چووە دانیشگاکانی ( - نۆرسوێسرن – و – ویسکنسن - ) لە ساڵی ( 1952 ) دا گرەوێکی هەزار دۆلاری بردەوە و خەڵاتەکەی لە " ئامۆژگای هونەری میللی " دا وەرگرت . هەر لەو ساوە لە دانیشگای " مینیۆتا " و " پرنستن " و " بارد کۆلیژ " وەك مامۆستایەك دەرسی دەوتەوە .
ڕۆمانێکی بە ناوبانگیشی لە ژێر ناوی " سەرکێشییەکانی ئۆگی مارچ " بڵاو کردوەتەوە و لە ساڵی ( 1954 ) دا لە خەڵاتی " کتێبی میللی " لەسەر ئەو ڕۆمانە وەر گرت .